www.kurdistannet.org

# سون و كولله

حەمەسەعید حەسەن

سوێدیش تا ساڵی 1918 کۆمەڵگایەکی نادیموکرات بوو، ئاخر پێشتر نەک هەر ژن، ئەو پیاوەشی نەدار بووایە، مافی دەنگدانی نەبوو. ئایا عارەقفرۆشتن ئازاد بێت، یان قەدەغە؟ یەکەمین ڕیفراندۆم لە سوێددا، ساڵی 1922 بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کرا.

لە نۆڤێمبەری 1994 دا، لە ئەنجامی ڕیفراندۆمێکدا، لە 52% ی خەڵکی سوێد گوتیان: بەڵێ بۆ یەکێتیی ئەورووپا. سوێد دەمێکە یەکێکە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، ئەو ڕیفراندۆمەی 2003/09/14 دەکرێت، تەنیا بۆ ئەوەیە، دراوی سوێدی ببێتە، یۆرۆ یان نا؟ واتا سوێد گۆشتەکەی خواردووە، ئەو ڕاپرسینە تەنیا بۆ ئەوەیە، ئایا گۆشتاوەکەشی نۆش بکات یان نا؟ کە لە وڵاتانی دیموکراتدا بۆ کێشەی ئاوا ساکار، ڕیفراندۆم ساز بکرێت، ئیدی بۆچی کورد مافی ئەوەی نەبێت، بۆ دەستنیشان کردنی چارەنووسی خۆی، پرسی پێ بکرێت؟

چونکە کارێک سوننە بە کوردی کرد، سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکات، بۆیە لە نێوان شیعە و سوننەدا، یەکەمیان بە ئەهوەنتر دەزانم. بەعس دەیعەرەباندین، کەچی وا پێ دەچێت، (بەڵای خوا) موقتەدا سەدر، ئەگەر دەستی بڕوات، هەر بە عەرەباندن لێمان خۆش نەبێت و بشمانشیعێنێت.

شێرکۆ بێکەس لەسەر لیستی کەسک، وەزیری ڕۆشنبیریی کوردستان بوو. مەحموودی مەلا عیززەت، سەرنووسەری ئۆرگانی یەکێتی بوو. ئەو دووانە کە هەنووکە ئەمیان لە باشووری کوردستانەوە و ئەویان لە باکووری ئەورووپاوە، سەرقاڵی ڕێکلام بۆ ڕیفراندۆم کردنن، کە دەبێژن، ئەوی دەیکەین بە فەرمانی یەکێتی نییە، تەنیا خۆیان بە هەڵەدا دەبەن. ئەگەر ینک لە دوای ئەو چالاکییەوە نەبووایە، کوردسات و کوردستانی نوێ و سەنتەری خاکی نەدەخستە خزمەتییەوە.

من پێم باشە یەکێتی و پارتی لایەنی ڕیفراندۆم بگرن، ئەوی پێم باش نییە، ئەوەیە: ینک تیرێکی هاویشتووە و کەوانەکەشی نەشاردووەتەوە، کەچی چاوەڕێی ئەوەی لێمان هەیە، بڵێین: ڕووناکبیرانی سەربەخۆ و بێ لایەن بزوێنەری ئەو کارەن. سەربەخۆیی کوردستان و ڕێزگرتن لە ئاڵای عێراقی یەکگرتوو، هیچ کۆیان ناکاتەوە. یەکێتی هاوزەمان بە دوای دوو کەروێشکدا غار دەدات، بۆیە مەحاڵە هیچیانی پێ بگیرێت.

با ڕیفراندۆم خواستی هەموو خەڵکی کوردستان بێت! ئەگەر لە ئەنجامی ئەو گەلپرسییەوە، کە بە هیوام چی زووترە بکرێت، زۆربە گوتیان: بەڵێ بۆ عێراق، با ‹سون›ی بەعسی چی پێ کردبووین، کوللەی شیعەش پێمانی بکاتەوە! دیارە شیاوی ئەوەین.

2003. 09. 05

* (بەڵای خوا)م لەبری حجه الله نووسیوە.